راست‌بێ‌و هێزی باش بێت‌و بەردەکانی کە ذەی هاوێ بیانخا ئەوا مانای وایە یاری کەرێکی باشەو دەست راستە .



7 – **راوە ژوژك** : دانیشتوانی کوردستان بە تێکرا ئارەزوو هەوەسی بەراو دێت جاچ راوە ئاسك یا کەروێشك یاسوێسك یاکەو ... هتد

زۆر جار ئەگەر یەکێکی غەریب بە میوانی لە دێیەکا بێت‌و بزانن نەختێ (کێلە پیاوە) دەست دەکری بە باسی راوو راوشکارو گاڵتەو قسەو پێکەنین‌و پێی دەڵێن بابچین راوە ژوژك بکەین ئەگەر هات‌و ئەو کەسەی ووتمان کێلە پیاوە دەڵێت بابچین بەو شەوە حەزی پێ دەکا ئەوانیش روو لە دەرەوەی دێ دەکەن جواڵێکی دەدەنە دەست‌و دەڵێن تو دەرکی جەواڵەکە بگرەوەو ئێمەش تەنەکە لێ دەدەین‌و پاش چەند ماوەیەك جەواڵەکە پر دەبێت لە ژوژك ، ئەو نەشارەزایەش بە دیار جەواڵەوە رەق دەبێتەوەو ئەوانی تر رواڵێ دەکەن بە نۆرە یەك یەك دەچنە دەرەوەو تەنەکە لێ دەدەن تا جەوال گرماندو دەبێت واش دەزانێ کە راستە ژوژك روی تێ دەکا ... ئەو جا یەکێ دەچی بەدواياو دەیهێنێتەوە دەبێت بە پێکەنین‌و گاڵتەو قسەی خۆش ...



8 – **کلاوێن ـ کاڵە مستێ** : پێشان لە بەر نەبوونی رادیۆو تەلەفزیۆن‌و گرام ... هتد خەڵکی دێ هاتەکان شەوانی درێژی زستانیان بە گۆرانی‌و لاوك‌و مەتەڵ‌و یاری .. بەسەر دەبرد .

کلاوێن خۆشترین یاری بوو لە ناویاندا زۆر کەس ناوو شۆرەتیان بە کلاوێن دەردەکرد ئەوانەی کلاوێنیان باش بزانیبوایە شەوان میوانداری لە دێیەکی تر دەکرد یا دەچون بۆ دێیەکی تر بۆ کلاوێن کردن ..... دانیشتوان دەبوون بە دوو بەشەوە هەڵدەستێ (9) کلاو دادەنێن ئەلقەیەك دێنن یا تەرو وشك دەکەن یان هەرلایەك لە پێشا بشارێتە وە لایەکەی تر (9) خاڵی دەبێت یان لە ناو سێ کلاوا دەشارنەوەو لایەکەی تر ئەگەر ئەلقەکەی دوزیەوە ئەلقە دەکەوێتە دەستی .

ئەو لایەی کە ئەلقەکە دەکەوێتە دەستی یەکێکی شارەزا لە ناویاندا ئەلقەکە لەبن (9) کلاوەکە دەشارێتەوە وای دەشارێتەوە کە هەستی پێ نەکەن لەبن کام کلاو دای ناوە جا یاخۆی دەشارێتەوە یا چاوی خۆی دەگرێ ... بۆ ئەوەی نەك بە چاو ئەلقەکە بدۆزنەوەو بزانن لە ناو چ کلاوێکە . لای دوهەم لە پێشا هەڵدەستن مەزنە لێ دەدەن هەر یەکە مەزنەی خۆی دەڵی وای لێ دێ هەر (9) کلاوەکە بەوە دادەندرێ کە ئەلقەکەی تێدایە سەیر ئەوەیە ئەلقەکە یەکە بەلام مەزنە (9) یە . دەبێت بە پێکەنین‌و قسەی خۆش‌و چەپڵەو گۆرانی .... دەست بۆ هەر کلاوێك ببرێ یەکێك دەڵێت نەکەی ئەلقەکەی تێدایە .....

لە پێشا گولێك لێ دەدرێ ئەگەر لە ناو گولەکە بو ئەوا ئەلقە دەکەوێتە دوستیان ئەگەر نا لە دوو گوڵ گولێکیان رۆیشت . ئەگەر ئەلقەکە لە کلاوە فت کراوەکان بێت ئەوا چەند کلاو مابێت ئەوەندە ژمارە وەر دەگرن‌و ئەو گولەی کە ماویانەو بۆ دوایی هەڵیان گرتوە دێتە سەری واتە ژمارەیەك زیاد دەکەن یاری درێژە دەکێشێ تا دەگەنە (100) هەرلایەك گەیشتە (100) مانای

